سەرۆک وەزیران 50 ملیار دیناری لەلایەن حکومەتەوە بۆ سندوقی ئاوەدانکردنەوەی دەشتی شەنگال و نەینەوا تەرخانکرد

ئەڤ دووشەمە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تەرخانکردنی 50 ملیار دینار لەلایەن حکومەتەوە بۆ سندوقی ئاوەدانکردنەوەی دەشتی شنگال و دەشتی نەینەوا دووپاتکردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە" محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سەرپەرشتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوای کرد، کە لە قەزای شنگال لە ڕۆژئاوای پارێزگا بەڕێوەچوو".

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سودانی پیرۆزبایی لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە کرد کەمتمانەی گەلەکەیان بەدەستهێناوە، جەختی لەوە کردەوە کەئەنجومەنی پارێزگاکان وەستگەیەکی تاقیکردنەوەن بۆ حکومەتە خەجێیەکان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان.

ئاماژەی بۆشکرد" لەدوای ئەو وێرانکارییەی بەهۆی تیرۆرەوە تووشی بوو، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هاووڵاتیانی، پارێزگای نەینەوا پێویستی بە هەوڵی دوو هێندە هەیە.

ڕوونیشیکردەوە" حکومەتی فیدراڵی پابەندە بە پاڵپشتیکردنی حکومەتە خەجێیەکان، هەروەها ئەوڵەویەتەکانی پارێزگاکان دوور نین لە ئەوڵەویەتەکانی حکومەت، لە خزمەتگوزاریەکان و دابینکردنی هەڵی کار و چارەسەرکردنی هەژاری و چاکسازیی ئابووری".

ئاماژەی بۆشکرد" تایبەتمەندی و سامان و هەڵکەوتەی جوگرافی نێنەوا شایستەی ئەوەیە کە ببێتە ناوەندێکی ئابووری گرنگ لەسەر ئاستی نیشتمانی، وجەختیشی لەپێویستی پشتگیریکردنی کەرتی تایبەت و پاراستنی لە هەموو جۆرە کێشەیەك کردەوە".

سەرکی ئەنجوومەنی وەزیران ڕوونی کردەوە" کەبەڵێنچوونی ئەم کۆبوونەوەیە لە قەزای شەنگال پێیامێکە بۆ خەڵکی قەزاکە سەبارەت بە ئامادەیی حکومەت بۆ دەستپێکردنی هەماهەنگی فراوانی ئاوەدانکردنەوە و پڕۆپەدانی چارەسەر لە ئاستی تەرخانی دارایی، وئاماژەی بە کارەساتی ئێزیدییەکان کرد کە بووەتە بگەیەکی گرنگ لە مێژووی خەباگری و قوربانیدانی عێراق.

سودانی جەختیشیکردەوە" کەپێویستی بەهێزکردنی ئاشتی مەدەنی و سەقامگیری و برایەتی لە شەنگال و تەواوی ناوچەکانی پارێزگا هەیە بە بەدیهێنانی پشکۆتن لە بەرنامەکانی حکومەتی خێڕی، وجەختیشیکردەوە کەلایەن حکومەتەوە بڕی 50 ملیار دینار بۆ سندوقی ئاوەدانکردنەوەی شەنگال و دەشتی نەینەوا لەبودجەی فیدرالی تەرخانکراوە."

هەروەها جەختی لە "پێویستی کارکردن وەك ڕێحی یەك تیم لە نێوان ئێندامانی ئەنجومەنی پارێزگا کردەوە، ئاماژەی بە ڕێنماییەکانی پێشووی بە وەزارەتەکان کردووە بۆ کردنەوەی بڕێ لاوەکییەکانیان لە شەنگال، لە چوارچێوەی ڕێخساندنی هەلومەرج بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان، لەوانەش دامەزراوەی شەهیدان، بۆ چارەسەرکردنی فایلەکانی شەهیدان.